# ئیمان

[ کردي – کوردی – kurdish ]

موحەممەد ئیبراهیم ئەلتویجری
سەرچاوەی بابەت: مختصر الفقه الإسلامي

**وەرگێڕانی:** ئیحسان بورهان الدین

**پێداچونەوەی :** پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠١١ - ١٤٣٢

IslamHouse.com

# ﴿ الإيمان ﴾

« باللغة الكردية »

محمد بن إبراهيم التويجري

مصدر: كتاب مختصر الفقه الإسلامي

ترجمة: إحسان برهان الدين

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# ئیمان

**ئیمان:** ئەوەیە باوەڕ بهێنیت بە خوا و فریشتەکان و کتێبەکان و پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی، هەروەها باوەڕ بهێنیت بە قەدەر بە خێر و شەڕی.

بۆیە ئیمان گوفتار و کردارە، گوفتارە بە دڵ و بە زمان، کرداریشە بەدڵ و زمان و ئەندامەکان، بە گوێڕایەڵی خوای گەورە زیاددەکات و بە تاوان کردن کەم دەکات.

**بەشەکانی ئیمان:**

(أبو هريره) ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتی: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (الإيْـمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ، أَوْ بِضْعٌ وَسِتُّونَ شُعْبَةً، فَأَفْضَلُـهَا قَوْلُ لا إلَـهَ إلَّا اللّهُ، وَأَدْنَاهَا إمَاطَةُ الأذَى عَنِ الطَّرِيق، والحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الإيْمَانِ) أخرجه مسلم.

واتە: ئیمان حەفتا و چەند بەشێکە، یان شەست و چەند بەشێکە، چاکترینیان وتنی (لا إله إلا الله)یە، نزمترینیان لابردنی دڕکێکە یان شتێکی ئازاربەخشە لەسەر ڕێگا، شەرمیش بەشێکە لە ئیمان.

**پلەکانی ئیمان:**

**ئیمان تام و شیرینی و ڕاستی هەیە:**

١- تامی ئیمان، ڕوونکراوەتەوە بە فەرموودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم: (ذَاقَ طَعْمَ الإيْـمَانِ مَنْ رَضِيَ بِالله رَبًّا، وَبِالإسْلامِ دِيناً، وَبِمُـحَـمَّدٍ رَسُولاً) أخرجه مسلم.

واتە: کەسێك چێژی لە ئیمان وەرگرتووە کە بە خوای گەورە وەکو پەروەردگارێك ڕازیبوویێت و،بە ئیسلام وەکو ئایین و، بە موحەممەدە صلى الله عليه وسلم وەکو پێغەمبەر.

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم شیرینی ئیمانی ڕوون کردووەتەوە و فەرموویەتی: (ثَلاثٌ مَنْ كُنَّ فِيْـهِ وَجَدَ حَلاوَةَ الإِيْـمَانِ: أَنْ يَكُونَ اللهُ وَرَسُولُـهُ أَحَبَّ إِلَيْـهِ مِـمَّا سِوَاهُـمَا، وَأَنْ يُـحِبَّ المَرْءَ لا يُـحِبُّـهُ إلا لله، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَـعُودَ فِي الكُفْرِ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُـقْذَفَ فِي النَّار) متفق عليه.

واتە: هەرکەسێ سێ شتی تێدا بەدی بکرێت هەستی بە شیرینی ئیمان کردووە: خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی لە هەموو کەسێك بەلاوە خۆشەویست تر بێت، هەرکەسێکی خۆش بوێت تەنها لەبەر خوا بێت، پێشی ناخۆش بێت بۆ بێ باوەڕی بگەڕێتەوە وەکو چۆن پێی ناخۆشە فڕێبدرێتە دۆزەخەوە.

٢- ڕاستی ئیمانیش بۆ کەسێك دێتە دی کە دڵنیایی تەواوو ڕاستی ئایینی هەبێت و هەڵسێت بە ئەرکەکانی دینداری لەڕووی خواپەرستن و بانگەواز و کۆچ کردن و پشتیوانی و جیهادکردن و ماڵ بەخشین.

١- خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ )الأنفال :٢ـ٤.

٢- هەروەها دەفەرموێت: (وَالَّذِينَ آمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ آوَوْا وَنَصَرُوا أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ۚ لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ) الأنفال :٧٤.

٣- هەروەها دەفەرموێت: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ۚ أُولَٰئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ) الحجرات :١٥.

• هیچ بەندەیەك ناگاتە ڕاستی ئیمان تاکو دڵنیا نەبێت لەوەی کە تووشی بووە نەدەبوو تووشی نەبوایە، ئەوەشی کە تووشی نەبوو نەدەبوو کە تووشی بوایە.

**• کامڵ بوونی ئیمان:**

خۆشەویستی تەواو بۆ خوا و پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم وا پێویست دەکات کە موسوڵمان ئەو کارانە ئەنجام بدات کە ئەوان پێیان خۆشە، جا ئەگەر خۆشویستن و ڕق لێبوونی (کە کردەوەی دڵن) لەبەر خوا بوو، هەروەها بەخشین و قەدەغەکردنی( کە کردەوەی جەستەن) لەبەر خوا بوو، ئەوە بەڵگەیە لەسەر کاملّی ئیمان و، تەواوی خۆشەویستی بۆ خوای گەورە.

- **بەرزترین پلەکانی ئیمان:**

**ئیمان وشە و وێنە و ڕاستی هەیە:**

بەرزترین پلەکانی ئیمان بریتی یە لە دڵنیابوون (الیقین)، چونکە باوەڕێکە هیچ گومانێکی تێکەڵ نابێت، شێوەکەشی ئەوەیە کە بەتەواوی دڵنیا بیت لەوەی ئەو شتەی کە نایبینی لەگەڵ ئەوەی کە لەپیش دەستدا وەکو یەکن، هەرکاتێك ئەو هەواڵانەی خوای گەورە باسی کردووە دەربارەی خۆی و ناو و سیفەتەکانی و فریشتەکان و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دوایی وەکو حاڵەتێکی بینراوی پێهات، ئەوە ئەوپەڕی دڵنیاییە و ڕاسترین دڵنیابوونە، بە ئارامگرتن و دڵنیا بوونیش پێشەوایەتی لە ئاییندا بەدەست دەهێنرێت: (وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا ۖ وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ) السجدة :٢٤

**هەندێك لە خەسڵەتەکانی ئیمان:**

- **خۆشەویستی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم:**

ئەنەس ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:(لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْـهِ مِنْ وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْـمَعِينَ) متفق عليه.

واتە: کەسێك لە ئێوە ئیمانی تەواو نابێت تاکو لە باوك و مناڵ و هەموو خەڵکی بەلایەوە خۆشەویستر نەبم.

- **خۆشویستنی ئەنصار:**

ئەنەس لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (آيَةُ الإِيْـمَانِ حُبُّ الأنْصَارِ وآيَةُ النِّفَاقِ بُـغْضُ الأنْصَارِ) متفق عليه.

واتە: نیشانەی ئیمان خۆشویستنی ئەنصارەکانە، نیشانەی نیفاقیش ڕق لێبوونی ئەنصارە.

• **خۆشویستنی ئیمانداران:**

ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: (لا تَدْخُلُوا الجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا، وَلا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَـحَابُّوا، أوَلا أدُلُّكُمْ عَلَى شَيءٍ إذَا فَعَلْتُـمُوهُ تَـحَابَبْتُـمْ أفْشُوا السَّلامَ بَيْنَكُمْ) أخرجه مسلم.

واتە: ناچنە بەهەشتەوە تاکو ئیمان نەهێنن، ئیمانیش ناهێنن تاکو یەکترتان خۆش نەوێت، ئایا شتێکتان پیشان بدەم ئەگەر ئەنجامی بدەن یەکترتان خۆش بوێت: سەلام لەناو خۆتاندا بڵاو بکەنەوە.

• **خۆشویستنی برای موسوڵمان:**

ئەنەسی کوڕی مالیك لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (لا يُؤْمِنُ أحَدُكُمْ حَتَّى يُـحِبَّ لأخِيْـهِ ـ أوْ قَالَ لِـجَارِهِ ـ مَا يُـحِبُّ لِنَفْسِهِ) متفق علیه.

واتە: ئیمانی کەسێك لە ئێوە تەواو نییە تاکو ئەوەی بۆ خۆی خۆشی بوێت بۆ براکەی یان دراوسێکی پێی خۆش بێت.

• ڕێزگرتن لە دراوسێ و میوان بێ دەنگ بوونیش جگە لە کاری چاکەدا، (ابو هریرە) ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِالله وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلْيَـقُلْ خَيْراً أوْ لِيَصْمُتْ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِالله وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ جَارَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِالله وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ) متفق علیه.

واتە: هەرکێ باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە، با قسەی چاکە بکات یان بێ دەنگ بێت، هەرکێ باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە با ڕێز لە دراوسێکی بگرێت، هەرکێ باوەڕی بە خوا و ڕۆژی دوایی هەیە با ڕێز لە میوانەکەی بگرێت.

• **فەرمان بە چاکە و قەدەغەکردنی خراپە:**

(أبو سعيد الخدری) ڕەزای خوای لێبێت فەرموویەتی: گوێم لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بوو دەیفەرموو: (مَنْ رَأى مِنْكُمْ مُنْكَراً فَلْيُـغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فَإنْ لَـمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِـهِ، فَإنْ لَـمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِـهِ وَذَلِكَ أضْعَفُ الإيْـمَانِ) أخرجه مسلم.

واتە: هەرکێ لە ئێوە خراپەیەکی بینی با بەدەستی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی با بەزمانی، ئەگەر نەیتوانی با بەدڵی بیگۆڕێت، ئەوەش لاوازترین ئیمانە.

- **ئامۆژگاری:**

(تميم الداری) ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (الدِّينُ النَّصِيحَةُ، قُلْنَا لِـمَنْ؟ قَالَ: لله وَلِكِتَابِـهِ وَلِرَسُولِـهِ وَلَأئِمَّةِ المسْلِـمِينَ وَعَامَّتِـهِـمْ) أخرجه مسلم.

واتە: دین بریتی یە لە ئامۆژگاریکردن، وتمان: بۆ کێ؟ فەرمووی: بۆ خوا و قورئان و پێغەمبەرەکەی و پێشەوایان و خەڵکی موسوڵمانان بە گشتی.

- **ئیمان چاکترین کردەوەیە:**

(ابو هريره) ڕەزای خوای لێبێت دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پرسیاری لێکرا: أيُّ العَمَلِ أفْضَلُ؟ قَالَ: (إيمَانٌ بِالله وَرَسُولِـهِ، قِيْلَ ثُمَّ مَاذَا؟ قَالَ:الجِهَادُ فِي سَبِيلِ الله، قِيلَ ثُمَّ مَاذَا؟ قَالَ:حَجٌّ مَبْرُورٌ) متفق عليه . واتە: چی کردەوەیەك باشترە؟ فەرمووی: باوەڕ بە خوا و بە پێغەمبەرەکەی، وترا، ئیتر چی؟ فەرمووی: جیهادرکردن لە پێناو خوای گەورە، وترا، ئیتر چی؟ فەرمووی: حەجێکی وەرگیراو.

- **ئیمان بە خوا پەرستن زیاددەکات و بە تاوان کەم دەکات:**

١- خوای گەورە دەفەرموێت:(هُوَ الَّذِي أَنزَلَ السَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَعَ إِيمَانِهِمْ ۗ وَلِلَّهِ جُنُودُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا)الفتح ٤:

٢- هەروەها دەفەرموێت:(وَإِذَا مَا أُنزِلَتْ سُورَةٌ فَمِنْهُمْ مَنْ يَقُولُ أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَٰذِهِ إِيمَانًا ۚ فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا فَزَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَهُمْ يَسْتَبْشِرُونَ) التوبة :١٢٤.

٣- ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (لا يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلا يَسْرِقُ السَّارِقُ حِينَ يَسْرِقُ وَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلا يَشْرَبُ الخَـمْرَ حِينَ يَشْرَبُـهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ) متفق عليه.

واتە: زیناکەر لەکاتی زینادا ئیماندار نییە، دزیش لەکاتی دزی کردندا ئیماندار نییە، ئارەق خۆریش لەکاتی ئارەق خواردنەوەدا ئیماندار نییە.

٤-	ئەنەس ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (يَـخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ: لا إِلَـهَ إِلَّا اللهُ وَفِي قَلْبِـهِ وَزْنُ شَعِيرَةٍ مِنْ خَيْرٍ، وَيَـخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ: لا إِلَـهَ إِلَّا اللهُ وَفِي قَلْبِـهِ وَزْنُ بُرَّةٍ مِنْ خَيْرٍ، وَيَـخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ: لا إِلَـهَ إِلَّا اللهُ وَفِي قَلْبِـهِ وَزْنُ ذَرَّةٍ مِنْ خَيْرٍ)، وفي رواية: (مِنْ إيمَانٍ) مكان (مِنْ خَيْرٍ) متفق عليه.

واتە: کەسێك وتبێتی (لا إله إلَّا الله) و بەقەد دەنکە جۆیەك چاکە لە دڵیدا بێت لە دۆزەخ دەردەچێت، هەروەها کەسێك لە دۆزەخ دەردەچێت کەسێك وتبێتی (لا إله إلَّا الله) و، بەقەد دەنکە گەنمێك چاکە لەدڵیدا بێت هەروەها لە دۆزەخ دەردەچێت کە سێك وتبێتی (لا إله إلَّا الله) و، بەقەد گەردیلەیەك چاکە لەدلیدا بێت، لە ڕیوایەتێکیشدا هاتووە: (من ایمان) لە جیاتی (من خیر).

### • حوکمی کردەوەی بێ باوەڕی پێش موسوڵمان بوونی:

١-	ئەگەر بێ باوەڕ موسوڵمان بوو دواتریش خەریکی چاکە کردن بوو، خوای گەورە لە خراپەکانی خۆش دەبێت، وەکو فەرموویەتی: (قُلْ لِلَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ يَنْتَهُوا يُغْفَرْ لَهُمْ مَا قَدْ سَلَفَ وَإِنْ يَعُودُوا فَقَدْ مَضَتْ سُنَّتُ الْأَوَّلِينَ) الأنفال :٣٨.

٢-	لەسەر کردەوە چاکەکانیشی پاداشت دەدرێتەوە، وەکو جێگر بووە لە (حكيم بن حزام)ەوە ڕەزای خوای لێبێت کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (أرأيـتَ أموراً كنتُ أتَـحَنَّثُ بها في الجاهلية هل لي فيها من شيء؟ فقال له رسول الله صلى الله عليه وسلم: أَسْلَمْتَ عَلَـى مَـا أَسْلَفْتَ مِنْ خَيْرٍ) متفق عليه.

واتە: ئاگادارم بکەرەوە دەربارەی هەندێ خواپەرستن کە لە سەردەمی نەفامیدا ئەنجامم دەدا، ئایا هیچم لێ دەست دەکەوێت، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: لەسەر کاری چاکەی ڕابوردووت موسوڵمان بوویتە.

٣-	هەرکەسیش موسوڵمان بێت و خراپەبکات لەو حاڵەتەدا بەخراپەی کۆن و نوێ سزا دەدرێت، وەکو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: (مَنْ أَحْسَنَ فِي الإِسْلامِ لَـمْ يُؤَاخَذْ بِمَا عَمِلَ فِي الجَاهِلِيَّةِ، وَمَنْ أَسَاءَ فِي الإِسْلامِ أُخِذَ بِالأَوَّلِ وَالآخِرِ) متفق عليه.

واتە: هەرکێ لە ئیسلامدا چاکە بکات چاوپۆشی لێ دەکرێت سەبارەت بە کردەوەکانی سەردەمی نەفامی، هەرکەسیش لەکاتی موسوڵمان بوونیدا خراپە بکات لەبەر تاوانی سەرەتا و کۆتایی سزا دەدرێت.

**کۆڵەکەکانی ئیمان**

کۆڵەکەکانی ئیمان شەشن، هەمووشیان لە فەرموودەی جبریل دا سەلامی خوای لێبێت باسکراون، کاتێك پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: (أنْ تُؤْمِنَ بِاللّه، وَمَلائِكَتِـهِ، وَكُتُبِـهِ، وَرُسُلِـهِ، وَاليَوْمِ الآخِرِ، وَتُؤْمِنَ بِالقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَـرِّهِ) متفق علیه.

واتە: باوەڕبهێنن بە خوا و فریشتەکان و کتێبەکان و پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و باوەڕ بە قەدەر بهێنێت لەڕووی چاکە و خراپەوە.

- **بەهێزی پەیوەندی ئیمان:**

پەیوەندی ئیمان بە ڕەهایی بەهێزترین پەیوەندییە، هەر بەو هۆیەشەوە بووەتە هۆکاری پەیوەندی لەنێوان پەروەردگار و بەندەکانی و ئاسمان و زەوی و ئوممەت و پێغەمبەرەکەی پێکەوە بەستووەتەوە، هەروەها بووەتە هۆکاری پەیوەندی لەنێوان ئادەمیزادەکان لەسەر زەوی و، فریشتەکان و جنۆکەکان... هەروەها لەنێوان دونیا و دواڕۆژدا.

هەر لەو پێناوەشدا خوای گەورە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەشیان کە تێدایە، هەروەها بەهەشت و دۆزەخی دروووست کردووە.

هەر لەبەر ئەوەشە خوای گەورە پشتیوانی ئیماندارانە و، پێغەمبەرانی ڕەوانە کردووە و، کتێبەکانی دابەزاندووە و جیهادی وەکو شەرع داناوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: (اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا يُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ ۖ وَالَّذِينَ كَفَرُوا أَوْلِيَاؤُهُمُ الطَّاغُوتُ يُخْرِجُونَهُمْ مِنَ النُّورِ إِلَى الظُّلُمَاتِ ۗ أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ) البقرة :٢٥٧.